# بێ نەوام

دیسان شەوەو ماڵی دڵم

ئاگرێکی تێبەر بووە

تۆش باوەشت

وەکوو فەرشێک

بۆ زاوای نوێ ڕاخستووە

#  #  #

پرچی ڕەشت کە چەند جارێ

پەنچەم بووبوو بە شانە بۆی

ئێستا دەستی ڕەشی زاوا

دەیپشکێنی بە ویستی خۆی

#  #  #

ئەو ملوانکەی کە بۆم ناردی

ناوڕاستەکەی مەدالیایە

ئیستا نایکەی بە ملی خۆت

یەکەم پیتی منی تیایە

#  #  #

برۆ دڵڕەقترین مرۆڤ

دەین و ئاهم بە گەردنت

یاخوا قەت خۆشی نەبینی

تادوا هەناسەی مردنت

## دار توو

هەناسەکەم لەو ڕۆژەوەی

کە دڵم تۆی خۆش ویستووە

هێندەی ئاسمان هێندەی دونیا

حەزم لە سایەی دار تووە

# # #

لە هەر ماڵی لە هەر لایە

داری توووم بەرچاو کەوتووە

وەکوو فەرزێکی سەر شانم

خێرا سوجدەم بۆ بردووە

# # #

ئەگەر ڕۆژێ وتیان بۆ چی

هێندە حەزت لە دارتووە

دەڵێم ئازیز ترین کەسم

لە سایەیا دانیشتووە

# # #

ئیتر با خەڵکی پێم بڵێن

ئەم شاعیرە چۆن شێت بووە

مردنم گرنگ تاوەکوو

شوێن پێکانتم پەرستووە




عمران خمبار

*omran_xember@yahoo.se*